کتێبی پیرۆز

کۆرسی دەڵتا

ڕاهێنانێکی قوتابیبوون بۆ ئامادەکردنی مەسیحییەکان بۆ کار لە خزمەتی ئەودا، بۆ بنیادنانی جەستەی مەسیح (ئەفەسۆس ٤:١١-١٦)

١

کاتی هێمنی

بابەت: چۆن دەتوانیت بە شێوەیەکی کرداری کتێبی پیرۆز بەکاربهێنیت؟

- هەوڵ بدە هەموو ڕۆژێک کاتێکی تایبەت تەرخان بکەیت بۆ دیدار لەگەڵ عیسای مەسیح، بە خوێندنەوە و ڕامان لە وشەکەی.
- نزا بکە، لەگەڵ عیسا قسە بکە و چەند تێبینییەکی کورت لە دۆسیەکەتدا لەسەر ئەم بەشانەی کتێبی پیرۆز بنووسە.
- ئەوە بنووسە کە کاریگەریی لەسەرت دادەنێت، سەرنجت ڕادەکێشێت، بە جوان یان بە قورسی دەزانیت، یان بۆت ڕوون دەبێتەوە.

ڕۆژی ١ یەشوع ١:٦-٩.
شەو و ڕۆژ لە نووسراوە پیرۆزەکاندا ڕابمێنە.

ڕۆژی ٢ زەبوور ١١٩:٩-١٦.
وشەی خودا لە دڵتدا هەڵبگرە.

ڕۆژی ٣ یۆحەنا ١٤:٢١،٢٣.
بە پەیڕەوکردنی وشەی خودا، خۆشەویستیی خۆت دەربخە.

ڕۆژی ٤ لۆقا ٨:٤-١٥.
دڵت لە چ بارێکدایە؟

ڕۆژی ٥ لۆقا ٦:٤٦-٤٩.
ئەوە بکە کە عیسا لە وشەکەیدا فێرت دەکات.

ڕۆژی ٦ دواوتاری ٦:٤-٩.
لەگەڵ یەکتری باسی کتێبی پیرۆز بکەن.

ڕۆژی ٧ دووەم نامەی پەترۆس ١:١٩-٢١.
چۆن کتێبی پیرۆز بە دروستی لێک دەدەیتەوە؟

ڕۆژی ٨ کردار ١٧:١٠-١٢.
باوەڕەکانی خۆت لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز بنیاد بنێ.

ڕۆژی ٩ عەزرا ٧:٩-١٠.
لە نووسراوە پیرۆزەکان بکۆڵەرەوە، بە پێیان بژی و فێری کەسانی تریشیان بکە.

ڕۆژی ١٠ پەندەکانی سلێمان ١:٢٤-٣٣.
کەللەڕەق و لەخۆڕازی مەبە.

- بیر لە زەبوور ١٤٣:٨-١٠ بکەرەوە. داود نزا دەکات کە خودا بە وشەکەی ڕێبەریی بکات.
- نزا بکە کە خودا بە وشەکەی (کتێبی پیرۆز) ڕێبەریی تۆ بکات.
- هەموو ڕۆژێک بۆ کەسێک یان شتێکی دیاریکراو نزا بکە و چاوەڕێ بکە بزانە خودا چی دەکات (زەبوور ٤:٥).

خوێندن

بابەت: هاتنەکایەی کتێبی پیرۆز

پێش کۆبوونەوەی داهاتوو، خوێندنی ١ بە وردی بخوێنەوە. ئەگەر پرسیارت لەسەری هەیە، بیانناووسە و بە ئیمەیڵ بیاننێرە بۆ سەرکردەی گروپەکەت؛ ئینجا پێکەوە بەدوای وەڵامەکاندا دەگەڕێین.

خوێندنی کتێبی پیرۆز

بابەت: مەسیحی دەبێت چی لە وشەکانی کتێبی پیرۆز بکات؟

ئەگەر حەز دەکەیت، دەتوانیت لە ئێستاوە خۆت بۆ خوێندنی کتێبی پیرۆزی کۆبوونەوەی داهاتوو ئامادە بکەیت، بەوەی جارێک ئەو بەشەی کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە.

بۆ ئەمە «شێوازی ٥ هەنگاوەکە» بۆ خوێندنی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنە.

بەشەکەی کتێبی پیرۆز ئەمەیە: **لۆقا ٨:٤-١٥**.

لەبەرکردن

هاندەر.

ئەو بەندانەی کتێبی پیرۆز کە لەبەرت کردوون، دەتوانن یارمەتیت بدەن بەسەر هێزە خراپەکاندا زاڵ بیت (ئەفەسۆس ٦:١١،١٧؛ مەتا ٤:٢-٤).

ئەم بەندەی خوارەوە لەبەر بکە، یان هەمان بەند لەو وەرگێڕانەوە لەبەر بکە کە پێت باشترە.

کتێبی پیرۆز
دووەم تیمۆساوس ٣:١٦

هەموو دەقێکی نووسراوە پیرۆزەکان بە ئیلهامی خودایە
و دەکرێت بەکاربهێنرێت
بۆ فێرکردن،
بۆ ڕەتکردنەوەی گومڕایی و هەڵە،
و بۆ پەروەردەکردن بەرەو ژیانێکی پاک و ڕاست.
دووەم تیمۆساوس ٣:١٦

١. هاتنەکایەی کتێبی پیرۆز

مەسیحییەت تەنها بە یەکەم هاتنی مەسیح دەست پێناکات، بەڵکو بە پەیمانی کۆن دەست پێدەکات. هەموو کتێبی پیرۆز (پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ) بناغەی فێرکردن و ژیانی مەسیحییەکانە.

هاتنەکایەی
پەیمانی کۆن

ئ. ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی نووسینی پەیمانی کۆن

١. خودا لەگەڵ خەڵکەکەی قسەی کرد

ئاشکراکردنی تایبەتیی خودا پێش کەوتنی مرۆڤ لە گوناهدا دەستی پێکرد. خودا ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکەم مرۆڤەکان قسەی کرد (پەیدابوون ١:٢٨). لە سەرانسەری کتێبی پەیدابووندا خودا بەتایبەتی لەگەڵ ئادەم، نوح، ئیبراهیم، ئیسحاق، یاقوب و یوسف قسەی کرد. خودا فەرمانی دا کە وشەکانی بگەیەنن بە نەوەی دواتر.

٢. وشەکانی خودا گوازرانەوە و نووسرانەوە

لە سەردەمی پەیمانی کۆندا نەریت وابوو کە باوکان منداڵەکانیان فێر دەکرد و وشەکانی خودایان پێ لەبەر دەکردن (دواوتاری ٦:٧). لەبەر ئەوەی نەوەی مرۆڤ هێشتا زۆر کەم بوو و هێشتا بەسەر هەموو زەویدا بڵاو نەببووەوە، و لەبەر ئەوەی خەڵک چەند سەد ساڵ دەژیان و بەم شێوەیە زۆر نەوە لە یەک کاتدا پێکەوە دەژیان، نەریتی زارەکیی باوەڕدارانی خودای کتێبی پیرۆز بێ هەڵە مایەوە. هەروەها خودا فەرمانی بە هەندێک کەس دا کە وشەکانی بنووسنەوە.

٣. نووسەران سوودیان لە نووسراوە کۆنترەکان وەرگرت

زیاتر لە ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر کتێبخانە هەبوون کە پڕ بوون لە «کتێب» و «مێژووی نووسراو». ئەم کۆکراوە مێژووییانە بۆ نووسینی پەیمانی کۆن بەکارهاتن.

ب. کتێبەکانی یاسای موسا (١٤٤٧–١٤٠٧ پ.ز.)

«کتێبەکانی یاسا» (یان بە سادەیی: «یاسا») بریتین لە پێنج کتێبەکەی موسا لە پەیمانی کۆندا: *پەیدابوون*، *دەرچوون*، *لێڤییەکان*، *سەرژمێری* و *دواوتاری*.

١. موسا: مێژوونووسێک (١٥٢٧–١٤٠٧ پ.ز.)

موسا لە میسر وەک کوڕی کچی فیرعەون گەورە بوو. بە باشی شارەزای جوگرافیا، کولتوور و زمانەکانی میسر و سینا بوو (کردار ٧:٢٢). مێژوونووسێک بوو کە چەندین «مێژووی نووسراو»ی هەزاران ساڵ پێش ئیبراهیم (لە دروستکردنی جیهانەوە تا مردنی یوسف) کۆکردەوە بۆ ئەوەی کتێبی پەیدابوون بنووسێت. ئەم مێژووانە باسی دروستکردنی جیهان، ئادەم، نوح و سێ کوڕەکەی، تارەح و کوڕەکەی ئەبرام، ئیسماعیل و ئیسحاق، عیسۆ و یاقوب و کوڕەکەی یوسفیان دەکرد (پەیدابوون ٤:٢؛ ١:٥؛ ٩:٦؛ ١:١٠؛ ١٠:١١؛ ٢٧،١٢:٢٥؛ ١٩،١:٣٦؛ ٩؛ ٢:٣٧). هەروەها خودا ڕاستەوخۆ لەگەڵ موسا قسەی کرد (دەرچوون ٣) دەربارەی زۆر بابەت، و ویستی خۆی بۆ ئاشکرا کرد. بەتایبەتی باسی ئەوەی کرد کە چۆن گەلەکەی، ئیسرائیل، لە میسر ڕزگار دەکات، و باسی یاسا ئەخلاقی، ڕێوڕەسمی و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ئیسرائیل کرد. خودا فەرمانی بە موسا دا کە وشەکانی بنووسێتەوە (دەرچوون ٧،٤:٢٤؛ ٢٧:٣٤ نیوەی یەکەمی بەندەکە؛ دواوتاری ٢٤:٣١).

٢. کتێبەکانی یاسا باسی چی دەکەن؟

کتێبی *پەیدابوون* (١٤٤٧ پ.ز.) مێژووی کار و وشەکانی خودا دەگێڕێتەوە، لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تا دوای ئەو کاتەی یاقوب (ئیسرائیل) لەگەڵ خێزانەکەی چوو لە میسر نیشتەجێ بوو (١٨٧٧ پ.ز.) (پەیدابوون ٢٨:٤٧؛ ٢٢:٥٠؛ دەرچوون ٤٠:١٢).
کتێبی *دەرچوون* (١٤٤٧ پ.ز.) دەیگێڕێتەوە کە چۆن گەلی ئیسرائیل لە میسر بوو بە گەلێکی گەورە، چۆن میسرییەکان چەوساندیانەوە و کردیانن بە کۆیلە، و چۆن خودا لەو بارە ڕزگاری کردن. ئەم کتێبە یاسای ئەخلاقیی خودا (دەرچوون ٢٠:١-١٧)، هەندێک یاسای کۆمەڵایەتی (دەرچوون ٢١:١–٢٣:٣٣) و هەندێک یاسای ڕێوڕەسمی لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی دەربارەی چادری چاوپێکەوتن (دەرچوون ٢٥–٤٠).
کتێبی *لێڤییەکان* (١٤٤٦ پ.ز.) یاسا ڕێوڕەسمییەکانی خودا دەربارەی قوربانییەکان، کاهینایەتی و جەژنەکانی پەرستن لەخۆ دەگرێت.
کتێبی *سەرژمێری* (١٤٤٦–١٤٠٧ پ.ز.) دەیگێڕێتەوە کە چۆن خودا ئیسرائیلی ٤٠ ساڵ بە بیاباندا برد، لە ڕزگاربوونیان لە میسرەوە تا گەیشتنیان بە کەنعان، خاکی بەڵێندراو (١٤٤٧–١٤٠٧ پ.ز.).
کتێبی *دواوتاری* (١٤٠٧ پ.ز.) بیرخستنەوەی هەموو کارە گەورەکان و یاساکانی خودایە.

٣. وشەکانی خودا بە ئیلهامی خودان و خاوەن دەسەڵاتن

کتێبەکانی یاسا «وشەکانی خودا» بوون و نەدەبوو تەنها لە کتێبدا نووسرابن، بەڵکو دەبوو لە دڵ و بیری خەڵکیشدا بن (دواوتاری ٦:٦). خودا خۆی فەرمانی دا کە خەڵک لە وشەکانی ڕابمێنن و گوێڕایەڵیان بن (یەشوع ١:٧-٨).
عیساش باوەڕی وابوو کە کتێبەکانی یاسای موسا بە ئیلهامی خودا بوون و دەسەڵاتیان هەبوو (مەتا ٤:٤؛ بەراورد بکە بە دواوتاری ٣:٨).

پ. کتێبە مێژوونییەکان (١٤٠٠–٤٦٠ پ.ز.)

«کتێبە مێژوونییەکان» لە پەیمانی کۆندا ئەم ١٢ کتێبەن: *یەشوع*، *ڕابەران*، *ڕائووس*، *یەکەم و دووەم ساموئێل*، *یەکەم و دووەم پاشایان*، *یەکەم و دووەم پوختەی مێژوو*، *عەزرا*، *نەحەمیا* و *ئەستێر*.

١. خودا فەرمانی دا کە مێژووی گەلەکەی بنووسرێتەوە

خودا خۆی فەرمانی بە ئیسرائیلییەکان دا کە کار و وشەکانی لەبیر نەکەن (دواوتاری ٩:٤). دەبوو بۆ منداڵ و نەوەکانیانی بگێڕنەوە! فەرمانی خودا ئیسرائیلییەکانی هاندا کە مێژووەکەیان بنووسنەوە و لە کتێبدا کۆی بکەنەوە. کتێبە مێژوونییەکانی پەیمانی کۆن کارەکانی خودا لە ئیسرائیل و لەنێو گەلانی دەوروبەریدا دەگێڕنەوە. بەتایبەتی باس لەوە دەکەن کە چۆن ئیسرائیل جار لە دوای جار پەیمانی خودای شکاند، چۆن خودا لەسەر گوناهەکانیان سزای دان، و چۆن خودا تەنها «پاشماوەیەک»ی لە گەلی سروشتیی ئیسرائیل ڕزگار کرد (دووەم پاشایان ١٩:٤،٣٠-٣١).

٢. نووسەران سوودیان لە کۆکراوە مێژوویی بچووکترەکان وەرگرت

لە پەیمانی کۆندا باسی چەند کۆکراوەیەکی مێژوویی بچووکتر دەخوێنینەوە کە دواتر خرانە نێو کۆکراوە مێژوویی گەورەترەکانەوە، و بەم شێوەیە ئەو کتێبە مێژوویانەیان پێکهێنا کە ئەمڕۆ لە کتێبی پیرۆزدا دەیانبینین (یەشوع ١٣:١٠؛ دووەم ساموئێل ١٨:١؛ یەکەم پاشایان ٤١:١١؛ یەکەم پاشایان ١٩:١٤؛ یەکەم پاشایان ٢٩:١٤).

٣. نووسەران بە ئیلهامی خودا نووسیویانە

هەرچەندە نازانین کێ کتێبەکانی یەشوع، ڕابەران، ساموئێل و پاشایانی کۆکردووەتەوە، بەڵام ڕوانگەی هەموو ئەم کتێبانە هەمیشە «پێغەمبەرانە»یە، واتە نووسەران مێژوویان لە ڕوانگەی خوداوە نووسیوە! (یەکەم پوختەی مێژوو ٢٩:٢٩-٣٠؛ دووەم پوختەی مێژوو ٣٢:٣٢؛ دووەم پاشایان ١١:١٥،٢٦).

ت. کتێبە شیعرییەکان (١٩٠٠-٤٠٠ پ.ز.)

«کتێبە شیعرییەکان» لە پەیمانی کۆندا ئەمانەن: *ئەیوب، زەبوورەکان، پەندەکانی سلێمان، ژیرمەندی، گۆرانی گۆرانییەکان* (و *شینەکانی یەرمیا*).

١. شیعر: لەبەر کرا و نووسرایەوە

ئیسرائیلییەکان شیعر و گۆرانییەکانیان نەک تەنها لەبەر کرد و گواستیانەوە، بەڵکو هەر کاتێک دانران، نووسیشیانەوە. دۆزینەوەی ژمارەیەکی زیاتر و زیاتری شیعر لەو سەردەمە ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە.

٢. ئەدەبی دانایی: چۆن بژیت؟

کتێبە شیعرییەکان بەشێکی زۆر لە ئەدەبی دانایی لەخۆ دەگرن. ئەم جۆرە ئەدەبە لە وڵاتانی دەوروبەری ئیسرائیل و لە خودی ئیسرائیلیشدا زۆر بەرهەم هات.

«ئەدەبی دانایی» جۆرەها پرەنسیپ و ڕێنمایی کرداری لەخۆ دەگرێت دەربارەی ئەوەی کە چۆن باشترە یان دەبێت بژیت، و لەسەر چاودێریی وردی ڕەفتار و سروشتی مرۆڤ بنیات نراوە. ڕێساکانی سەرکەوتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بازرگانی و سیاسەتدا ڕوون دەکاتەوە.

ئەدەبی دانایی فێرمان دەکات چۆن لەگەڵ هەموو جۆرە مرۆڤێک هەڵسوکەوت بکەین. ئەدەبی دانایی لای عیبرانییەکان زیاتر کرداریە تا تیۆری و فەلسەفی (پەندەکانی سلێمان ١:١-٧).

ج. کتێبەکانی پێغەمبەران (٧٨٨-٤٢٠ پ.ز.)

«کتێبەکانی پێغەمبەران» لە پەیمانی کۆندا بریتین لە چوار پێغەمبەرە گەورەکە: ئیشایا، یەرمیا (و شینەکانی)، حزقییێل و دانیال، و ١٢ پێغەمبەرە بچووکەکە: هۆشەع، یۆئێل، ئامۆس، عۆبەدیا، یونس، میخا، ناحوم، حەبەقووق، سەفەنیا، حەگەی، زەکەریا و مەلاخی.

١. خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە قسەی کرد

هەموو کتێبەکانی پێغەمبەران بە ڕوونی دەریدەخەن کە خودا نووسەرە ڕاستەقینەکەیە. زیاتر لە ٢٧٠٠ جار لە کتێبەکانی پێغەمبەراندا نووسراوە: «فەرمایشتی یەزدان بۆم هات» (یەرمیا ٤:١) یان «یەزدان ئاوا دەفەرموێت» (یەرمیا ٥:٢)! ئەم وشانە دەریدەخەن کە پێغەمبەران زمانحاڵی ئیلهامکراوی خودا بوون. خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە لەگەڵ خەڵک قسەی کرد و ویستی خۆی ئاشکرا کرد (بەراورد بکە بە دووەم نامەی پەترۆس ١:٢٠-٢١).

٢. خودا فەرمانی بە پێغەمبەران دا کە وشەکانی بنووسنەوە

بۆ نموونە ئیشایا دەبوو وشەی خودا دوو جار بنووسێتەوە: یەکەمجار لەسەر تەختەیەکی قوڕ، بۆ ئەوەی خەڵک یەکسەر بیخوێننەوە، و پاشان لەسەر تۆمارێکی پاپیرۆس یان پێست، بۆ ئەوەی هەموو نەوەکانی دواتریش بیخوێننەوە! (ئیشایا ٨:٣٠). بەم شێوەیە تۆمارکردنی وشەی خودا بوو بە شایەتییەک بۆ هەموو نەوەکانی داهاتوو! (یەرمیا ٢:٣٦ نیوەی یەکەمی بەندەکە).

٣. کتێبەکانی پێغەمبەران خوێنران و دەقیان لێ وەرگیرا، و لە پێشبینییە درۆینەکان زیاتر مانەوە

ئەو پێغەمبەرانەی دواتر هاتن، کتێبەکانی پێغەمبەرانی «پێشوو»یان دەخوێند. پێغەمبەرانی «دواتر» (پێغەمبەرانی دوای دیلیی بابل) ئیسرائیلییەکانیان ئاگادار کردەوە کە وشەکانی «پێغەمبەرانی پێشوو» (پێغەمبەرانی پێش دیلیی بابل) ڕاست و جێی متمانە دەرچوون (زەکەریا ٦:٧-١٠). هەروەها کتێبەکانی پێغەمبەرانی پێشوویان بە وشەی خودا دەزانی کە بە ئیلهامی ڕۆحی پیرۆز نووسرابوون (زەکەریا ١٢:٧). پێغەمبەران لە نووسینەکانیاندا وشەکانی یەکتریشیان دەهێنایەوە، چونکە وشەکانی پێغەمبەرانیان بە وشەی ئیلهامکراوی خودا دەزانی. بۆ نموونە، وشەکانی ئیشایا ٢:٢-٤ و میخا ٤:١-٣ وەک یەکن. جێی سەرنجە کە سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەران بە ئاشکرا دژی گوناه و گوێڕایەڵنەبوونی ئیسرائیل قسەیان دەکرد، ئیسرائیلییەکان ئەم پێشبینییانەیان لەناو نەبرد و نەشیانتوانی لەناویان ببەن! خودا بە دەسەڵاتی باڵای خۆی وای کرد کە کتێبەکانی پێغەمبەران بۆ هەموو نەوەکانی دواتر بپارێزرێن.

هاتنەکایەی پەیمانی نوێ

ئ. ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی نووسینی پەیمانی نوێ

کتێبەکانی پەیمانی نوێ لە ئەنجامی چوار ڕووداوی گرنگەوە هاتنە کایەوە:

یەکەم: یەکەم هاتنی مەسیح، عیسای مەسیح، بۆ جیهان؛

دووەم: بانگکردنی قوتابییەکان بۆ ئەوەی شایەتی عیسای مەسیح بن؛

سێیەم: گواستنەوەی زارەکیی «فێرکردنی نێردراوان» (کردار ٤٢:٢)؛

چوارەم: ئەو بارودۆخە تایبەتانەی بوونە هۆی هاتنەکایەی هەر کتێبێک.

١. هاتنی مەسیح، عیسای مەسیح، بۆ جیهان

لە یەکەم مرۆڤەکانەوە، ئادەم و حەوا، و بە درێژایی پەیمانی کۆن، پێغەمبەران پێشبینیی هاتنی مەسیح، ڕزگارکەری جیهان، یان کردبوو. کاتێک سەرئەنجام هات، کار و وشەکانی ئەوەندە کاریگەرییەکی قوواڵیان لەسەر خەڵکی جیهان دانا کە هەواڵەکە بە خێرایی بڵاو بووەوە. هەر چوار نووسەری ئینجیلەکان لە ئینجیلەکەی خۆیاندا ئەم گەورەترین ڕووداوەی مێژووی مرۆڤایەتییان نووسیوە (لۆقا ١:١؛ یۆحەنا ٢٥:٢١؛ کردار ١:١). هەر یەک لە نووسەرانی ئینجیل گرنگترین ئەو شتانەی هەڵبژارد کە عیسا وتبووی و کردبووی، و ئەم هەڵبژاردنەیان بەپێی ئامانجی ئینجیلەکەی خۆیان کرد.

٢. بانگکردنی قوتابییەکان بۆ ئەوەی شایەتی عیسا بن

ژیان، مردن و هەستانەوەی عیسا، هەروەها کار و وشەکانی، لە گۆشەیەکی دووری جیهاندا ڕوویان نەدا (کردار ٢٦:٢٦). شایەتێکی زۆر هەبوون. ئەوان کارەکانی عیسایان بە چاوی خۆیان بینی و وشەکانی عیسایان بە گوێی خۆیان بیست (دووەم نامەی پەترۆس ١:١٦-١٨؛ یۆحەنا ١٩:٣٥؛ لۆقا ١:١-٤؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥:٥-٦). ئەوەی بینییان و بیستیان، بە خەڵکێکی زۆر لە زۆر شوێنی جیهاندا گەیاندیان (یەکەم نامەی یۆحەنا ١:١). پێش ئەوەی عیسا بەرز ببێتەوە بۆ ئاسمان، قوتابییەکانی وەک شایەتی خۆی دەستنیشان کرد لە ئۆرشەلیم، لە یەهودیا و سامیرە و لە هەموو جیهان (کردار ١:٢،٨). هەموو ئەم شایەتانەی بە چاو و بە گوێ ئامادە بوون، دەیانتوانی پشتڕاستی بکەنەوە کە ئەوەی نێردراوان ڕایانگەیاند و دواتر لە کتێبەکانیاندا تۆماریان کرد، سەرتاپا ڕاستی بوو!

بەڵام دوژمنێکی زۆری مەسیح و مەسیحییەکانیش هەبوون. ئەگەر نێردراوان شتی نادروستیان ڕاگەیاندبایە یان نووسیبایە، ئەم دوژمنانە یەکەم کەس دەبوون کە ئاشکرایان بکەن، و نێردراوانیان لەبەردەم هەموو جیهاندا وەک شایەتی درۆزن ڕیسوا دەکرد. یەکێک لە بەهێزترین بەڵگەکان بۆ ڕاستیی ڕاگەیاندنی نێردراوان ئەوەیە کە نێردراوان پشتیان بە زانیاریی دوژمنەکانیشیان دەبەست! متمانەیان ئەوەندە گەورە بوو، چونکە خەڵکێکی زۆر هەبوون کە دەیانتوانی ئەوەی ئەوان ڕایاندەگەیاند پشتڕاست بکەنەوە! (کردار ٢:٢٢؛ بەراورد بکە بە مەتا ٢٢:١٥-١٦).

٣. گواستنەوەی زارەکیی «فێرکردنی نێردراوان»

پەیامی مزگێنی سەرەتا لەلایەن نێردراوانەوە ڕاگەیەنرا، پێش ئەوەی لە چوار ئینجیلەکەماندا بنووسرێتەوە (کردار ٢:٢٢؛ کردار ٢:٤٢). ئەوان ئەمەیان بۆ گرووپی جیاجیای خەڵک لە شوێنی جیاجیا کرد. بەهۆی ڕاگەیاندنی دووبارە لە شوێنە جیاجیاکاندا، پەیامی دەربارەی عیسای مەسیح زیاتر و زیاتر ئەو شێوەیەی وەرگرت کە ئێستا لە چوار ئینجیلە نووسراوەکەدا هەیەتی. سێ بەشە سەرەکییەکەی فێرکردنی نێردراوان ئەمانەن:

یەکەم: ناساندنی عیسا: بنەچەکەی، لەدایکبوونی و سەرەتای خزمەتەکەی؛

دووەم: خزمەتەکەی بە ئاشکرا لەنێو خەڵکدا، و خزمەتەکەی لەنێو قوتابییەکانیدا بە تایبەتی؛

سێیەم: مردن، هەستانەوە و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان.

٤. ئیلهام و ڕێبەرایەتیی ڕۆحی پیرۆز

عیسا بەڵێنی بە قوتابییەکانی دا کە ڕۆحی پیرۆز دەنێرێت. ڕۆحی پیرۆز هەموو شتێکیان فێر دەکات، هەموو ئەو شتانەیان بیر دەخاتەوە کە ئەو (عیسا) وتبووی و کردبووی، و بەرەو هەموو ڕاستی ڕێبەرییان دەکات. ئەوەی هی مەسیحە وەریدەگرێت و پێیان ڕادەگەیەنێت (یۆحەنا ١٤:٢٦؛ ١٦:١٣-١٤). کەواتە نووسەرانی ئینجیل ئینجیلەکانیان ڕاستەوخۆ بە ئیلهام و ڕێبەرایەتیی ڕۆحی پیرۆز نووسی، کە ڕۆحی خودی عیسای مەسیحە (ڕۆما ٨:٩-١٠). قوتابییەکانی عیسا گرووپێکی بێوێنە بوون و پێیان دەوترا «نێردراوان»، چونکە تەنها ئەوان لەلایەن عیساوە هەڵبژێردرابوون (لۆقا ٦:١٢-١٦؛ کردار ٢٦:١٦؛ ڕۆما ١:١) و مەرجەکانی کردار ١:٢١-٢٢یان تێدا بوو. «نێردراو» دەبوو شایەتحاڵی عیسای مەسیح بێت، و ڕۆحی پیرۆز ئەم شایەتحاڵانەی بەکارهێنا بۆ نووسینی کتێبەکانی پەیمانی نوێ. کەواتە هەموو پەیمانی نوێ بە ئیلهامی ڕۆحی خودا نووسراوە (دووەم نامەی پەترۆس ١:١٩-٢١)، هەروەک چۆن هەموو پەیمانی کۆن بە ئیلهامی ڕۆحی مەسیح نووسراوە (یەکەم نامەی پەترۆس ١:٩-١٢). کەواتە هەموو کتێبی پیرۆز بە ئیلهامی خودایە (دووەم تیمۆساوس ٣:١٦).

ب. چوار ئینجیلەکە

هەر چوار ئینجیلەکە، واتە چوار کتێبی یەکەمی پەیمانی نوێ، بە زمانی یۆنانی نووسران، کە زمانی هاوبەشی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بوو. ئامانجی سەرەکیی هەر ئینجیلێک ئەمەیە:

مەتا، کە لە ئۆرشەلیم لە ماوەی ٦٣–٦٦ نووسراوە (بەراورد بکە بە مەتا ١٥:٢٨)، فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح *پێغەمبەرە گەورەکەیە*. لەبەر ئەوەی مەتای نێردراو ئینجیلەکەی لە بنەڕەتدا بۆ جولەکەکان نووسی، دەقێکی زۆری لە پەیمانی کۆنەوە هێنایەوە.

مەرقۆس، کە لە ڕۆما لە ساڵانی ٤٤–٤٦ نووسراوە، فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح *پاشای بەتوانایە*. مەرقۆس، کە قوتابیی پەترۆسی نێردراو بوو (یەکەم نامەی پەترۆس ٥:١٣)، ئینجیلەکەی لە بنەڕەتدا بۆ ڕۆمانییەکان نووسی.

لۆقا، کە لە ڕۆما لە ماوەی ٦٠–٦١ نووسراوە، فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح *سەرۆکی کاهینانی هاوسۆزە*. لۆقا، کە قوتابیی پۆڵسی نێردراو بوو (کۆلۆسی ٤:١٤)، ئینجیلەکەی لە بنەڕەتدا بۆ ڕۆشنبیرانی ڕۆما نووسی.

یۆحەنا، کە بە ئەگەری زۆر لە ئەفەسۆس لە ساڵانی ٧٠–٩٨ نووسراوە، فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح *کوڕی خودا* یان *وشەی خودایە*. یۆحەنای نێردراو ئینجیلەکەی لە بنەڕەتدا بۆ ئەو کەسانە نووسی کە لە سەردەمێکی پڕ لە فێرکردنی هەڵەدا پێویستییەکی زۆریان بە ڕاستی هەبوو.

پ. کتێبی کردار

١. لۆقا، نووسەری کردار

لۆقا شوێنکەوتوو، هاوکار و هاوسەفەری پۆڵسی نێردراو بوو.

لۆقا سەرەتا لە ئۆرشەلیم، قەیسەریا، ئاسیای بچووک و یۆنان بە فراوانی لە سەرچاوەکان کۆڵییەوە دەربارەی ژیان، کار و وشەکانی عیسا (لۆقا ١:١-٤) و بەتایبەتی دەربارەی پەترۆس و پۆڵسی نێردراو.لۆقا کتێبی *کردارى* نێردراوانی لە ساڵی ٦١ لە ڕۆما نووسی.ئەم کتێبە یەکێکە لە وردترین کتێبە مێژوونووسییەکانی جیهان!

٢. لۆقا کتێبی کرداری بە سێ مەبەست نووسی

ا. لۆقا دەیویست بەردەوامیی کاری مەسیح بنووسێتەوە.

ئامانجی ئینجیلی لۆقا ئەوە بوو کە *سەرەتای کاری مەسیح* بنووسێتەوە. ئامانجی کردار ئەوە بوو کە *بەردەوامبوونی کاری مەسیح* لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە لە نێردراوەکانیدا بنووسێتەوە (کردار ١:١). عیسای مەسیح کڵێساکەی لەسەر بناغەی نێردراوان و پێغەمبەران بنیات دەنێت (مەتا ١٨:١٦؛ ئەفەسۆس ٢٠:٢).

ب. لۆقا دەیویست ڕۆشنبیران بۆ مەسیح ڕابکێشێت.

دەیویست مەسیحییەت بە ڕۆشنبیرانی ڕۆما بناسێنێت. لەو سەردەمەدا باو بوو کە گرووپێک خەڵک کۆ ببنەوە بۆ گوێگرتن لە خوێندنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبیی نوێ، کە زۆرجار خودی نووسەرەکە دەیخوێندەوە. بەم شێوەیە لۆقا دەیتوانی پەیامی مەسیح لەنێو ڕۆشنبیراندا بناسێنێت.

پ. لۆقا دەیویست بەرگری لە مەسیحییەت بکات.

لۆقا دەیویست ڕەوایی هەڵوێستی پۆڵسی نێردراو و مەسیحییەکانی تر بەرامبەر یاسا و حکوومەتی ڕۆما نیشان بدات. لە سەرانسەری کتێبەکەدا هەڵوێستی ڕێزدارانەی مەسیحییەکان بەرامبەر یاسا و حکوومەتی ڕۆما دەردەخرێت.

٣. پوختەیەکی کورتی ئەو مێژووەی لە کرداردا نووسراوە

ا. کردار ١-٧ دامەزراندنی کڵێسا لە ئۆرشەلیم و دەوروبەری دەگێڕێتەوە.

ڕووداوەکانی کردار ١-٧ لە ساڵانی ٣٠-٣٤/٣٣ ڕوودەدەن. بە ڕژانی ڕۆحی پیرۆز لە ڕۆژی جەژنی پەنتیکۆست لە مانگی ئایاری ساڵی ٣٠، ڕۆحی مەسیحی هەستاوە هاتە نێو دڵ و ژیانی هەموو مەسیحییەکان، بۆ ئەوەی ئازایەتی، هێز، خۆڕاگری، شادی و تێگەیشتنی ڕۆحییان پێ ببەخشێت. ڕاگەیاندنی مزگێنی بووە هۆی باوەڕهێنانی خەڵکێکی زۆر و دامەزراندنی یەکەم کڵێسای مەسیحی لە مێژووی جیهاندا، لە ئۆرشەلیم لە ساڵی ٣٠. گەشەی خێرای ژمارەی مەسیحییەکان (کردار ٢:٤٢-٤٧) بووە هۆی چەوسانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی جولەکەوە. سەرئەنجام چەوسانەوەیەکی گەورە دەستی پێکرد، بەتایبەتی دژی ئەو جولەکە یۆنانیزمانانەی کە بووبوونە مەسیحی (کردار ٧:٥٧-٨:٣)!

ب. کردار ٨-١٢ بڵاوبوونەوەی کڵێسا بەرەو باشوور و باکوور دەگێڕێتەوە.

ڕووداوەکانی کردار ٨-١٢ لە ماوەی ٣٣/٣٤-٤٤ ڕوودەدەن. لە یەهودیا، جەلیل و سامیرە کڵێسا دامەزران (کردار ٩:٣١). لە کاتێکدا نێردراوان لە ئۆرشەلیم مانەوە، ئەو جولەکە یۆنانیزمانانەی کە بووبوونە مەسیحی، بەهۆی چەوسانەوە گەورەکەوە پەرشوبڵاو بوونەوە. لە هەر شوێنێک دەچوون مزگێنییان ڕادەگەیاند، و خەڵک لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوەڕیان دەهێنا و دەبوون بە مەسیحی (کردار ٨:١،٤،٢٧-٢٨؛ ١١:١٩-٢٦؛ گەلاتیا ١:٢١).

پ. کردار ١٣-٢٠ بڵاوبوونەوەی کڵێسا بەرەو ئاسیای بچووک و ئەوروپا دەگێڕێتەوە.

ڕووداوەکانی کردار ١٣-٢٠ لە ماوەی ٤٤-٥٧ ڕوودەدەن. لە دیلییەکانی ساڵانی ٧٢١ و ٥٨٦ پ.ز.ەوە، جولەکەکان لە زۆر وڵاتدا دەژیان و پەیامی پەیمانی کۆنیان بڵاو دەکردەوە (کردار ١٥:٢١). پۆڵس چەند گەشتێکی مزگێنیدانی کرد بۆ بڵاوکردنەوەی مزگێنی لەنێو جولەکەکان و بەتایبەتی ناجولەکەکاندا. پۆڵس لە ئەنتاکیاوە سێ گەشتی مزگێنیدانی کرد:

<u>گەشتی یەکەمی مزگێنیدانی پۆڵس</u> لە ساڵانی ٤٧-٤٨ بوو (کردار ١٣-١٤). هاوسەفەرەکانی بەرنابا و مەرقۆس بوون. ئەوان چوون بۆ قوبرس، پامفیلیا، باشووری گەلاتیا و کیلیکیا.

<u>گەشتی دووەمی مزگێنیدانی پۆڵس</u> لە ساڵانی ٥٠-٥٢ بوو (کردار ١٥:٤٠-١٨:٢٢). هاوسەفەرەکانی سیلاس و تیمۆساوس بوون. ئەوان چوون بۆ سووریا، کیلیکیا و باشووری گەلاتیا لە ئاسیای بچووک. پاشان لەگەڵ لۆقا پەرینەوە بۆ ئەوروپا و لە مەکدۆنیا (فیلیپی، سالۆنیکی، بێریا) و ئەخائیا (کۆرنسۆس و ئەسینا) کڵێسایان دامەزراند.

<u>گەشتی سێیەمی مزگێنیدانی پۆڵس</u> لە ساڵانی ٥٢-٥٧ بوو (کردار ١٨:٢٣-٢١:١٤). هاوسەفەرەکانی، لەوانە تیمۆساوس و تیتۆس بوون. ئەوان ٣ ساڵ لە ئەفەسۆس کاریان کرد، هەروەها لە مەکدۆنیا و یۆنانیش. لە گەڕانەوەدا لۆقا دیسان لەگەڵ پۆڵس بوو (کردار ٢٠:٥-٦).

ت. کردار ٢١-٢٨ بڵاوبوونەوەی کڵێسا بەرەو ڕۆما دەگێڕێتەوە.

ڕووداوەکانی کردار ٢١-٢٨ لە ماوەی ٥٧-٦١ ڕوودەدەن. پۆڵس نزیکەی هەموو ئەم ماوەیە لە زیندانیدا بوو. لە ساڵانی ٥٧-٥٩ لە ئۆرشەلیم و قەیسەریا زیندانی کرا، و لە ساڵانی ٦٠-٦١ لە ڕۆما.

ت. نامەکانی پۆڵس

١. پۆڵسی نێردراو، فەریسییەک و چەوسێنەری مەسیحییەکان کە باوەڕی هێنا

پۆڵس وەک جولەکەیەک لە تەرسوس لە هەرێمی ڕۆمانیی کیلیکیا لەدایک بوو، و بەم هۆیەوە خۆبەخۆ هاوواڵتیبوونی ڕۆمانیی وەرگرت. لە ئۆرشەلیم لای گەمالائیل وەک فەریسییەک پەروەردە کرا. بە پەرۆشەوە هەوڵی دەدا یاسا جێبەجێ بکات و لە هەموو شوێنێک مەسیحییەکانی دەچەوساندەوە (کردار ٢٢:٢-٥،٢٥-٢٩؛ ٢٦:٤-١١). نزیکەی ساڵی ٣٤، واتە نزیکەی ٤ ساڵ دوای مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیح، پۆڵس باوەڕی هێنا. یەکسەر لە دیمەشقەوە چوو بۆ عەرەبستان و دواتر گەڕایەوە بۆ دیمەشق، لەوێ بە بێباکی مزگێنیی ڕادەگەیاند تا ئەو کاتەی لە دیمەشق ڕزگاری بوو (کردار ٩:١٩-٢٥ لە نیوەی دووەمی بەندی ١٩ەوە؛ گەلاتیا ١:١٧).

٢. نامەکانی پۆڵس لە کاتی گەشتی دووەمی مزگێنیداندا، ٥٠-٥٢

پۆڵس لەگەڵ هاوکارەکانی، سیلاس، تیمۆساوس و لۆقا، بە سووریا، ئاسیای بچووک، مەکدۆنیا و ئەخائیادا گەشتی کرد.

لە ساڵی ٥٠ پۆڵس لە شاری کۆرنسۆسەوە نامەکەی بۆ *گەلاتییەکان* نووسی، بۆ کڵێساکانی ناوچەی گەلاتیا. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «بەرگریکردن لە مزگێنیی بێتاوانکردن بە باوەڕ، بەبێ کارەکانی یاسا.»

لە پاییزی ساڵی ٥٠ پۆڵس لە کۆرنسۆسەوە *یەکەم نامەی بۆ سالۆنیکییەکان* نووسی. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «هاندانی گەشەی کڵێسا نوێیەکەی شاری سالۆنیکی.»

ماوەیەکی کورت دواتر پۆڵس دووەم *نامەی بۆ سالۆنیکییەکان* نووسی، بە ئامانجی «ئامۆژگاریکردنی کڵێسا کە بە ئارامی بژین، بە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی مەسیح.»

٣. نامەکانی پۆڵس لە کاتی گەشتی سێیەمی مزگێنیداندا، ٥٢-٥٧

پۆڵس لەگەڵ هاوکارەکانی تیمۆساوس و تیتۆس گەشتی کرد بۆ ئاسیای بچووک.

لە بەهاری ساڵی ٥٦ پۆڵس لە ئەفەسۆسەوە *یەکەم نامەی بۆ کۆرنسۆسییەکان* نووسی، بۆ کڵێسای خودا لە کۆرنسۆس. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «فێرکردنی ئەوەی کە کڵێسا لە جیهاندایە، بەڵام هی جیهان نییە.»

لە پاییزی ساڵی ٥٦ لە مەکدۆنیاوە *دووەم نامەی بۆ کۆرنسۆسییەکان* نووسی. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «فێرکردنی ئەوەی کە هێزی خودا لە لاوازیی نێردراوەکەیدا دەردەکەوێت.»

لە بەهاری ساڵی ٥٧ لە کۆرنسۆسەوە نامەکەی بۆ *ڕۆمانییەکان* نووسی. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «فێرکردنی ئەوەی کە بێتاوانکردن تەنها بە ([genade – term te checken]) و لە ڕێگەی باوەڕەوەیە.»

٤. نامەکانی پۆڵس لە کاتی یەکەم زیندانیکردنیدا لە ڕۆما، ٦٠-٦١

پۆڵس کاتێک لە ڕۆما زیندانی بوو چوار نامەی نووسی، کە سێیان لە ماوەی ٦٠-٦١ بوون. نامەیەکی بۆ مەسیحییەکانی شاری کۆلۆسی، واتە *کۆلۆسییەکان*، نووسی، کە تێیدا دەیویست بۆیان ڕوون بکاتەوە «کە مەسیح بێوێنەترین کەسە و ڕزگارکەرێکی تەواو و بەسە.»

نامەیەکی بۆ هاوکار و هاوڕێکەی *فلیمۆن* نووسی، بە ئامانجی «داواکردن لە فلیمۆن کە ئۆنیسیمۆسی کۆیلەی هەڵاتووی بە گەرمی وەربگرێتەوە.»

هەروەها نامەیەکی بۆ مەسیحییەکانی شاری ئەفەسۆس، واتە *ئەفەسۆسییەکان*، نووسی (نامەیەکی گشتی بۆ چەند کڵێسایەک)، بە ئامانجی «فێرکردنی کڵێساکان دەربارەی یەکێتیی هەموو مەسیحییەکان لە کڵێسای جیهانیدا، کە جەستەی مەسیحە.»

لە کۆتاییدا، نزیکی کۆتایی ساڵی ٦١، نامەیەکی بۆ مەسیحییەکانی شاری فیلیپی، واتە *فیلیپییەکان*، نووسی، بە ئامانجی «کردنەوەی دڵ و ژیانی خۆی بۆ فیلیپییەکان.»

٥. نامەکانی پۆڵس بۆ هاوکارەکانی، ٦١-٦٥/٦٤

دوای ئازادبوونی لە یەکەم زیندانیکردنی لە ڕۆما، پۆڵس زۆر گەشتی کرد.

پۆڵس *یەکەم نامەی بۆ تیمۆساوسی* لە ماوەی ٦٢-٦٣ لە مەکدۆنیا نووسی. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «ڕێنمایی دان بە هاوکارەکەی، *تیتۆس*، لە ماوەی ٦٢-٦٣ لە مەکدۆنیا نووسی. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «ڕێنمایی دان بە تیتۆس کە چۆن فێرکردنی دروست و پیرۆزکردن پەرە پێ بدات لە ژیانی کەسی، خێزان، کڵێسا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.»

پۆڵس *دووەم نامەی بۆ تیمۆساوسی* بە ئەگەری زۆر لە زستانی ساڵی ٦٤-٦٥ نووسی، دیسان لە زیندانەوە لە ڕۆما. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «ڕێنمایی دان بە تیمۆساوس کە چۆن فێرکردنی دروست پەرە پێ بدات.»

پۆڵس بە مردن حوکم درا، و بەپێی نەریتی باوکانی سەرەتای کڵێسا، لەسەر قیا ئۆستیا، ڕێگایەکی سەرەکی کەمێک لە دەرەوەی ڕۆما، سەری بڕدرا.

٦. خوێندنەوە، ئاڵۆگۆڕ و کۆکردنەوەی نامەکانی پۆڵس

پۆڵسی نێردراو هانی دەدا کە نامەکانی لە کڵێساکاندا بە دەنگی بەرز بخوێنرێنەوە (یەکەم سالۆنیکی ٥:٢٧) و لەگەڵ نامەکانی کڵێساکانی تر ئاڵوگۆڕ بکرێن (کۆلۆسی ٤:١٦). تیمۆساوس بۆ چەندین ساڵ هاوکاری دڵسۆزی پۆڵس بوو. پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەموو هاوکارەکانی تری پۆڵس و لەگەڵ ئەو کڵێسایانە هەبوو کە پۆڵس تێیاندا کاری کردبوو. پۆڵس لە دووەم زیندانیکردنیەوە لە ڕۆما ئەرکێکی گەورەی بە تیمۆساوس سپارد: «ئەوەی لە ئامادەبوونی زۆر کەسدا لە منت بیستووە، بیسپێرە بە کەسانی جێی متمانە کە شیاوی فێرکردنی کەسانی تر بن» (دووەم تیمۆساوس ٢:٢). یەکێک لەو ڕێگایانەی کە تیمۆساوس دەیتوانی ئەمە بکات ئەوە بوو کە هەموو نامەکانی پۆڵس کۆبکاتەوە و بۆ هەر کڵێسایەک کۆپییان لێ بکات.

ج. نامە گشتییەکان

١. نامە بۆ عیبرانییەکان

نازانرێت کێ ئەم نامەیەی نووسیوە، بە تایبەتی بۆ کێ نووسراوە، و کەی یان لە کوێوە نووسراوە.

ئا. عیبرانییەکان مەسیحیی جولەکە بوون، باوەڕدارانی نوێ کە پاشخانیان لە دەستەیەکی تایبەتی جولەکەدا بوو.

پەرستنیان بە ڕێوڕەسمی پاککردنەوە ناسرابوو. کاتێک جولەکەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە ڕۆما دەبوون بە مەسیحی، هەندێک جار نەریتەکانی ئەو دەستەیەیان لەگەڵ خۆیان دەهێنایە نێو کڵێسای مەسیحییەوە.

ب. نامە بۆ عیبرانییەکان پێش ساڵی ٦٤ بۆ ئەم گرووپە جولەکە-مەسیحییەی نێو کڵێسای ڕۆما نووسرا، کە هێشتا دەستیان بە پەرەنسیپە پارێزگارتەرەکانی جولەکایەتیی نەریتیی ئەو دەستەیەوە گرتبوو.

پ. ئامانجی نامەکە: ڕاگەیاندنی ئەوەی کە پەیامی پەیمانی نوێ پەیامی پەیمانی کۆنی هێنایە دی.

عیسای مەسیح لە کەسایەتی و لە کاری ڕزگارکردنیدا زۆر بەرز و بڵندە، و پەیامی پەیمانی نوێ تەواو و کاملە (نامە بۆ عیبرانییەکان ١:١-٢).

٢. نامەی یاقوب

ئا. یاقوب: برای عیسا.

یاقوب برای عیسا و دواتر ڕابەری کڵێسای ئۆرشەلیم بوو، کە لە هەزاران مەسیحیی جولەکە پێکهاتبوو (کردار ٢١:١٨-٢٠).

ب. نامەکە بۆ کڵێسا جولەکە-مەسیحییە یۆنانیزمانەکان.

یاقوب بە ئەگەری زۆر نامەکەی پێش ساڵی ٤٣ لە ئۆرشەلیمەوە نووسی. ئامانجەکەی بە زۆری هەمان ئامانجی عیسا بوو لە وتاری سەر چیادا (مەتا ٥–٧)، واتە «ڕوونکردنەوەی پێوەرە ڕاستەقینەکانی ژیانی مەسیحی.» یاقوب نامەکەی ئاراستەی کڵێسا جولەکە-مەسیحییە یۆنانیزمانەکان کرد. ئەم کڵێسایانە لە ئەنجامی ئەو چەوساندنەوە تونديەوە دروست ببوون کە لە ئۆرشەلیم بەتایبەتی دژی ئەو جولەکە یۆنانیزمانانە دەستی پێکردبوو کە لە ئۆرشەلیم بووبوونە مەسیحی. ئەوان لە ئۆرشەلیمەوە پەرشوبڵاو کران (کردار ٨:٦–٣:٨) و دەچەوسێنرانەوە (کردار ٥:٢٢). لە هەر شوێنێک دەچوون، مزگێنییان تەنها بە جولەکە یۆنانیزمانەکان و لایەنگرانی جولەکایەتی ڕادەگەیاند (کردار ١٩:١١)، و لەنێویاندا کڵێسای مەسیحییان دادەمەزراند.

٣. نامەکانی پەترۆس

ئا. پەترۆسی نێردراو، «بەردەکە» کە عیسا کڵێساکەی لەسەر بنیات نا.

پەترۆس جولەکەیەک بوو لە کەفرناحوم لە هەرێمی جەلیل (مەرقۆس ١:٢١،٢٩). ئەو و براکەی، ئەندراوس، ماسیگر بوون (مەرقۆس ١:١٦). دوای یۆحەنا و ئەندراوس، پەترۆس بە ئەگەری زۆر بوو بە سێیەم قوتابیی (شوێنکەوتوو و فێرخوازی) عیسا (یۆحەنا ١:٤٠-٤٢). عیسای مەسیح بەڵێنی بە پەترۆس دا کە کڵێساکەی لەسەر «بەردەکە» بنیات دەنێت، واتە بەتایبەتی لەسەر پەترۆسی نێردراو و نێردراوانی تر و شایەتییەکەیان دەربارەی عیسای مەسیح (مەتا ١٦:١٨؛ بەراورد بکە بە ئەفەسۆس ٢:٢٠). لە ساڵانی ٣٠–٣٤/٣٣ پەترۆسی نێردراو ڕابەرایەتیی کڵێسای ئۆرشەلیمی دەکرد (کردار ١:١٥؛ ٢:١٤؛ ٣:١٢؛ ٤:٨؛ ٥:٣،٢٩ و هتد). نزیکەی ساڵی ٤٠ پەترۆس یەکەم کەس بوو کە مزگێنیی بە ناجولەکەکان لە قەیسەریا ڕاگەیاند. خودا هەنگاوی نائاسایی نا بۆ ئەوەی بۆ پەترۆسی ڕوون بکاتەوە کە مزگێنی تەنها بۆ جولەکەکان نییە، بەڵکو بۆ هەموو ناجولەکەکانیشە! لە ساڵی ٤٤، ئەو ساڵەی هیرۆدسی ئەگریپای یەکەمی پاشا مرد، پەترۆس زیندانی کرا، بەڵام بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئازاد کرا. پاشان چوو بۆ شوێنێکی تر (کردار ١٢:١-١٩). لەو کاتەوە یاقوب، برای عیسا، ڕابەرایەتیی کڵێسای ئۆرشەلیمی گرتە دەست (کردار ١٥:١٣-٢١).

ب. دوو نامەکەی پەترۆس.

پەترۆس دوو نامەی بۆ ئەو کڵێسایانە نووسی کە پۆڵس لە ئاسیای بچووک دایمەزراندبوون. هەرچەندە نازانین ئایا پەترۆس خۆی هەرگیز لە ئاسیای بچووک کاری کردووە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گەشتەکانی ئەمە شتێکی گونجاوە. ئەندامانی کڵێساکانی ئاسیای بچووک زۆربەیان لە پاشخانی بتپەرستییەوە هاتبوون. ئەوان دەچەوسێنرانەوە و ئازار دەدران، بە ئەگەری زۆر لەلایەن هاوواڵاتییانی خۆیانەوە.

پەترۆس *یەکەم نامەکەی* نزیکەی لە ماوەی ٦٢–٦٣ لە ڕۆما بۆ کڵێساکانی ئاسیای بچووک نووسی (یەکەم نامەی پەترۆس ١:١). ئامانجەکەی ئەمە بوو: «بەهێزکردنی مەسیحییەکان لەنێو ئازارەکانیاندا و هاندانیان بۆ ژیانێکی لەخواترسانە، بە چاوێک لە هیوای داهاتوویان.» لە کاتێکدا نامەی یەکەمی باسی ئەو مەترسییە دەکات کە لە دەرەوە ڕووی لە کڵێساکان دەکرد، واتە چەوساندنەوە، نامەی دووەمی باسی ئەو مەترسییە دەکات کە لە ناوەوە هەڕەشەی لە کڵێسا دەکرد، واتە مامۆستا درۆزنەکان. پەترۆس *دووەم نامەکەی* لە ساڵی ٦٤ لە ڕۆما نووسی، ماوەیەکی کەم پێش مردنی (دووەم نامەی پەترۆس ١:١٤)، لە کاتی چەوساندنەوەکانی سەردەمی نیرۆن لە ساڵی ٦٤/٦٥. ئەم نامەیەی بۆ هەمان کڵێساکانی ئاسیای بچووک نووسی (دووەم نامەی پەترۆس ٣:١). ئامانجەکەی ئەمە بوو: «چەکدارکردنی مەسیحییەکان دژی مامۆستا درۆزنەکان و فێرکردنە هەڵەکانیان.»

٤. نامەکانی یۆحەنا

ئا. یۆحەنای نێردراو.

دوای مردنی پۆڵس و پەترۆس، خودا ڕابەرێکی نوێی بۆ کڵێساکانی ئاسیای بچووک دانا: یۆحەنای نێردراو. ئیرێنایۆسی باوکی کڵێسا (١٣٠–٢٠٠) دەڵێت کە یۆحەنای نێردراو بە هەمیشەیی لە ئەفەسۆس لە ئاسیای بچووک ژیا و کاری کرد، تا سەردەمی ئیمپراتۆر تراجان (٩٨–١١٧).

ب. سێ نامەکەی یۆحەنا.

دوای وێرانکردنی ئۆرشەلیم و پەرستگاکە لە ساڵی ٧٠ لەلایەن ڕۆمانییەکانەوە، هاتنی ناجولەکەکان بە میراتە فەلسەفییەکەیانەوە بۆ نێو کڵێسا دەستی کرد بە کاریگەری دانان لەسەر فێرکردنە مەسیحییەکان. یۆحەنا سێ نامەکەی، *یەکەم*، *دووەم* و *سێیەم نامەی یۆحەنا*، نزیکەی لە ماوەی ٧٠–٩٨ لە ئەفەسۆس بۆ کڵێساکانی دەوروبەری ئەفەسۆس نووسی. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «ئاگادارکردنەوەی کڵێساکان لە فێرکردنی هەڵەی سێرینتۆس.» سێرینتۆس مەسیحییەکی جولەکە بوو لە ئەسکەندەرییە و هاوچەرخی یۆحەنا بوو. سێرینتۆس و گنۆستیکەکان لادەرانێک بوون لەنێو مەسیحییەکاندا، کە بانگەشەیان دەکرد خەڵک لە پەرستنەکەی ئەواندا زانیاریی ڕۆحیی زیاتر بەدەست دەهێنن لەوەی کە لە کتێبی پیرۆزدا ئاشکرا کراوە.

٥. نامەی یەهوزا

یەهوزا برای عیسا و یاقوب بوو (مەرقۆس ٦:٣). نامەکەی، *یەهوزا*، نزیکەی لە ماوەی ٦٤–٦٨ نووسی، بە ئەگەری زۆر بۆ هەمان ئەو کڵێسایانەی ئاسیای بچووک کە پەترۆسیش نامەی بۆ نووسیبوون. ئامانجەکەی ئەمە بوو: «ئاگادارکردنەوەی کڵێساکان لە مامۆستا درۆزنەکان و هاندانیان بۆ خۆشەویستی، باوەڕ و نزا» (نامەی یەهوزا ١:٢٠-٢١). وا دەردەکەوێت کە مامۆستا درۆزنەکان ئەو کاتە بە کارە وێرانکەرەکەیانەوە هاتبوونە نێو کڵێساکانەوە.

چ. کتێبی ئاشکراکردن

ئیرێنایۆسی باوکی کڵێسا دەڵێت کە کتێبی ئاشکراکردن لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی دۆمیتیان (٨١–٩٦) نووسراوە، کە لە سێ ساڵی کۆتایی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا مەسیحییەکانی دەچەوساندەوە. ئەو داوای دەکرد وەک «خودا» بپەرسترێت و زیاتر و زیاتر دژایەتیی گەشەی مەسیحییەتی دەکرد. دژایەتی و چەوساندنەوەکەی دۆمیتیان نموونە و پێشەنگی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی، ئابووری و باوەڕییانە بوو کە کتێبی ئاشکراکردن ئاشکرای کردن، و کە لە هەموو ماوەی نێوان یەکەم هاتن و گەڕانەوەی مەسیحدا، مێژووی کڵێسا لەنێو مێژووی جیهاندا دیاری دەکەن. هەرچەندە خودا لە ڕێگەی مەسیحەوە نووسەری ڕاستەقینەی کتێبی ئاشکراکردنە، مەسیح وشەکانی لە ڕێگەی فریشتەیەکەوە بۆ یۆحەنا ئاشکرا کرد. یۆحەنا بینینەکانی کتێبی ئاشکراکردنی نزیکەی لە ماوەی ٩٥–٩٦ لە دوورگەی پاتمۆس تۆمار کرد. ئامانجی کتێبی ئاشکراکردن لە لایەکەوە ئەمەیە: «دڵدانەوەی مەسیحییە چەوسێنراوەکانی هەموو سەردەمەکان لە شەڕیاندا دژی هێزە خراپەکان، چونکە ئەوان بە مەسیح لە سەرکەوتوو زیاترن (ڕۆما ٨:٣٧؛ ئاشکراکردن ١٧:١٤).» لە لایەکی ترەوە ئامانجی کتێبی ئاشکراکردن ئەمەیە: «ئاگادارکردنەوەی ئەو مەسیحییە بێخەم و کەمتەرخەمانەی کە تاقی دەکرانەوە تا وەک جیهانی خراپ لێ بێن، کە ئەگەر تۆبە نەکەن، چرادانەکەیان لە شوێنی خۆی لادەبرێت» (ئاشکراکردن ٢:٥). بابەتی کتێبی ئاشکراکردن ئەمەیە: «سەرکەوتنی مەسیح و کڵێساکەی بەسەر ئەژدیها و یاریدەدەرەکانیدا.»